

# زەنگیانە

..........هایکو..........

سامان گەردی

# زەنگیانە

هایکو

## سامان گەردی

کوردستان ٢٠٢١




**زەنگیانە**

بابەت: هایکو

نووسەر: سامان گەردی

گرافیك و دیزاین: لوقمان رەشیدی

هەڵەچن و پێداچوونەوە: ملکۆ ئەحمەد

چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٠٩١) ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

**لەبری پێشەکیی**

دەرکەوتنی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا یەکیکە لە بەرهەمەکانی بەیەکگەیشتنی کەلتووری کورد و ژاپۆن لە رێگەی ئەو وەرگێرانانەی لە زمانەکانی دیکەوە کراوە بۆ ئەو بەرهەمە ژاپۆنییانەی لەم سالآنەی دواییدا لەلایەن ئێمە و چەند هاورێیەکی دیکەشەوە کراوە.
هەر لە سەرەتای دروستبوونی یانەکەوە و بڵاوکردنەوەی هایکو بە تەکنیک و بابەتی جیاوازەوە، رەخنەکان بەرووی ئێمەدا زیاتر و زیاتر بوون، هۆکاری ئەوەش چەقبەستنی هەندێ شاعیر و رەخنەگربوو لە بازنەی هایکوی کلاسییدا، دوای ماوەیەک دەستماندایە بڵاوکرردنەوەی زانیاریی زیاتر لەسەر قوتابخانە نوێیەکانی هایکو، هەروەها نەمانی هەندێ مەرجی کۆنکرێتیی لە نووسینی هایکوی نوێدا، یەکێک لەو خاڵانەی بووە هۆکاریی رەخنەی زۆر، بابەتی دەقەکان بوو، چون لە هایکوی کۆندا بابەتی هایکو تەنها سروشت و توخمەکانی و ئەو دیمەنانەن دوورن لە مرۆڤەوە، لە بەرامبەریشدا هەر دەقێک باس لە هەستی مرۆیی و خودی نووسەر بکا دەبێتە جۆرە دەقێکی تر بەناوی (سینریو).

ئێمـە هـەر لـە سـەرەتاوە سـنووری نێـوان هایکـو و سـینریومان هەڵگـرت و مرۆڤیشـمان وەک توخمێکـی گرنگـی سروشـت و ژینگـەی ئـەم گەردوونـە هەژمارکـرد، هەسـتەکانی مرۆڤیـش لـە دەقەکانمانـا بـووە تێـما و بابەتەکانمـان جۆراوجۆرکـرد بـەرەو خۆشەویسـتیی و پەیوەندییـە مرۆییـەکان و عەشـق و شـەڕ و هتـد.

ئـەم دەقانـەی سـامان گەردیـی لـە دووتوێـی ئـەم کۆمەڵەیـەدا نووسـیونی لـەو جـۆرە دەقانـەن کـە جگـە لـە بابەتـی سروشـت، بابەتگەلـی دیکەشـی تێدایـە، ئـەوەش بـە زمانێکـی چـڕ و قـوڵ، سـامان لـە شـیعری ئاساییشـدا زمانـی شـیعریی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، تـا زیاتـر رامێنـی لـە دەقەکانـی زیاتـر چێژیـان لێئەبینـی.

ملکۆ ئەحمەد

٢٠٢٠

خەتێکی نووستوە،
نیشانە -
نەیپێکی خوار دەڕوا!

بەلەمێکی بێ چارۆگە،
کێ بزانێ لەکوێ لەنگەر دەگرێ.
گەڵای بەجێماو؟

لەپشت هەر پەنجەرەیەکی داخراو،

ڕووناکییەك هەیە –

خۆی دەسووتێنێ!

چ خۆرێکی
لە ژێر هەورێکی ڕەشی بێ باران
تەماشامان دەکەی!

بۆنی خوڵ دێت،
عەتری چاوی هەورە-
باران!

تارای سەری یار نییە،
کراسی بووکێنی درەختە-
بەفر!

دنکە ئاوی بەستوو،
ملوانکەی گەردنی ئاسمانە-
تەزرە!

پێشانگای وەرزە-
وردە گەڵای وەریو،
با- لە خۆی دەژەنێ!

کە ڤاڵی ڕەنگە-
سەمای گەڵا،
پاییز پاییز.

دەنگی با-
سەمای گەڵا،
دارێك خۆی ڕووت دەكاتەوە!

کراسی سپی هەورە،
کە دەگری ڕەش هەڵدەگەڕێ-
ئاسمان!

ژنێکی ڕووت و قووتە،
تووڵ تووڵ خۆی ڕادەکێشێ-
لاو لاو!

شۆڕشگێڕێکی گوڵمژە،
شیلە لە دەمی دەتکێ-
هەنگ!

دێوانەیەکی دایساوە،
پڕە لە ڕەنگ-
پەپوولە!

دەنگبێژێکی ڕەنگاڵەیە،
زیاتر لە زمانێك دەزانێ-
کەناری!

خودای نەمرییە لە شیعر،
لە ڕاستیدا تەمەن کورتە-
پەپوولە!

بەسەر دارتەلەوە،

سەما دەکا-

تەزوو نا، چۆلەکە!

تینووی ماچە،
دەمی خستووەتە دەمی هەڵاڵە_
خاڵخاڵۆکە!

ئەو سبەینەیەی تا خوناو نەتکا،
لە دەمی گوڵەوە-
نەیخوێند بولبول!

لە ڕەگەزی ئاگرە،
هەتا گڕ بگرێت جوانتر لە دایك دەبێت-
قەقنەس!

هەور نا،
ژن کە دەباری-
وشکایی پیاو دەکوژێ!

لە نێوان مەمکەکانەوە،
مانایەکی دی هەیە-
زمان!

له دوو پیتی ناوی،
چوار پیتی بووه به تریفه-
شەوان به ئاسمانەوە!

وردە خاڵی گۆی مەمکن،
شەوان دەبریسکێنەوە-
ئەستێرە بەدەوری مانگەوە!

دوو گردی خڕ،
دوو دەستی پڕ-
جووت خاڵن بەتەنیشت یەکەوە!

کوڕێکم تێنەپەڕ
شا ڕستەی ئەو باوەشەم
زمانم دەکەوێتە بەینی دوو بزوێن!

تەوافی گۆ،
ختووکەدانی مەمك-
ژوانی پەنجە!

شەو لە دیوی خۆی،
باران لە ژوورەکەم —
پێکەنینی بن بەتانی!

سێبەر-
لەسەر سینگی بیابان،
خۆر خۆی دەنووسێتەوە!

هەور لەخوارێ،
خۆر-
لە سێبەر تێناپەڕێ!

دوو وێنەی جودا-

یەك تابلۆ،

بەربوونەوەی سێبەر!

لەهەمووان زیاتر دەدوێ،
لە شوێنی خۆی بێدەنگە-
پەیکەر!

دەنگی ئاو-
بازنەی سینگی دەریا،
بەردێك نوقم دەبێت!

-مانگ
شەو نەڕژایە چاوی،
ڕۆژ ونبوو!

کە ڕژایە گلێنەم،
بووم بەخۆر-
تیشکم پەخش کرد!

ڕووبارێك چ سوود-
کە ڕۆیشت،
درەختێك بزە نەیگرت!

کە ڕۆیشت،
نەیگوت: ماڵئاوا-
پەردەی ژوورەکەم دادایەوە!

هەتا ئاوا نەبێ،
بەکراسە نارنجییەکەوە-
نارِژێ ئەستێرە!

سپی دەچنێتەوە-
بەفر نا،
تاڵی سەرم!

ڕژان-

ئەستێرەیەکە،

شەو بەدەوری مانگ دەتوێتەوە!

بە ڕۆناکییەکی کز دەسووتێ،
تا پرسی فرمێسک چییە-
مۆم!

ڕووبارێکی چۆڵ،
لە وشکاییی دەڕژێن —
فرمێسکەکانم!

خۆت،
ناتوانی هەڵیگریەووە-
سێبەر!

چەند بکشێ تاریکی –
نەمبینی،
خۆر ڕۆژێکم لێ وەرناگرێ !

هەر ئاوە،
شەقام سووتاندوویەتی-
تراویلکە!

بە دوو چیلکە،
سەولی مانەوە لێ دەدا-
ژیان چەند کورت بێ ڕۆح شیرینە!

ئاوام دی-
پێیەکی خستە ناو بانیۆیەکە،
من لەدەرێ هەمووڵەشم بوو بەئاو!

کۆمەڵەی ئەستێران،
ماڵی نییە –
دارژان !

لەگەڵ هەور خۆر،
شەو لە چاوانی –
ڕۆژ دەبێتەوە!

ئەنگوستیلەی پەنجەی ژنێك-

مانگ بە ئاسمانەوە،

بریسکەی وردە شووشە!

ڕەنگاڵەیە سێبەری بن دیوار،
کاتێك هەور بەردەبێتەوە-
من سەردەکەوم!

مەرگی نوێی وشە
لەسەر پشتی بەرد هەڵبکۆڵن
هێلانەی جێماوی باڵندەیەکی بچووك!

ڕووناکی-
شەو چاوەکانی داخست،
ڕوانینێك بۆ زانین.

لە خەمی بەشمان نادا
دڵی بۆ بەردیش دەسووتێت
دایکم!

سەفەرێکی درێژە
لە چرکەیەکدا-
خەون.

تاتۆی پەپوولەکانی سەر پشتی دەستت
لەسەر پەنجەی من،
فڕین!

خۆر مانگی نەدی،
پەردەی پەنجەرەکەمم دادایەوە
نەینۆکی* ژوورەکەم شکا!

*نەینۆك= ئاوێنە

لە پێناو مانەوە
پێچەوانە دەکەوێ
عیشق!

خۆر بزر،
ئاسمان لەبن پێخەفی هەور
پەنجەرەیەکی تر.

لە لەنجەی هەور
ڕژانی ئەستێرە
شەو ژوورەکەم پڕبوو لە تاو!

کە کەوتە چاوم
گرتەی کرد
دڵم کەوت!

لەسەر تۆپەڵە بەفرێك نووسیم
بوو بە تابلۆ
مۆمێك، سووتا!

پەنجەرەکەم داخست
هەر دڵۆپێ باران بەر شووشەکە دەکەت
دەبوو بەگیان!

دەمەوێت بتبینم
کاتێك دەکەومە خەوێکی قووڵەوە
خەونێکی تر!

کە شەپۆلی دا
لەگەڵ کەنارم نییە
نەرم نەرم هەڵیکرد با!

شەو وەك ئەستێرە دەبریسكێتەوە
ڕۆژ تك تك
لە دەمی گوڵ دێتەخوارێ شەونم!

تەنکایی لێو،
وردە زیخی سەر زمان
سازگار ناوە.

ڕوانین لە بەرزاییەوە بیری تیژی دەوێت
مێرووولە
بە کڵۆ شەکرەوە دەڕوات!



بۆنی خۆڵ دێت،

عەتری چاوی هەورە

باران!

لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکۆی کوردی